# پرۆژە یاسای جێبەجێ کردنی  یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی فیدراڵ ژمارە ( 17 ) بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**ماددەی یەکەم:**

جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی فیدراڵ ژمارە (17) بۆ ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**ماددەی دووەم:**

پێادەکردنی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (28) لەیاسای سەرەوە ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوەی لە جێ ی دادەنرێ:

دووەم/أ/ وەزیری ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان – عێراق دادگایەك یان زیاتر لە هەرێم دادەمەزرێنێ و شوێنی وەزیری ناوخۆی فیدراڵ دەگرێتەوە لە هەر شوێنێك ناوی هاتبێ لە یاساکەدا.

**ماددەی سێیەم:**

پیادەکردنی بڕگەی (ح/دووەم) لە ماددەی (92)ی یاساکە ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

ح– مەرسوومی سەرۆکایەتی هەرێم لەسەر حوکمدراو بە لە سێدارەدان دەخوێنرێتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

(دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و بەڕێوەبەری پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەکان و بەڕێوەبەری پایەکانیان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ).

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی (30) ڕۆژ بەسەر مێژووی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر عبدالله**

**د. کمال کەرکوکی**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**